زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر
Salahaddin University - Erbil

# جوانی بایس لە دیوانی
# (سەوڵم پۆڵا و کەناریش دوور)ی
# عەبدوڵڵا پەشێو

**پرۆژەی دەرچوونە**

**پێشکەش بە بەشی (زمانی کوردی) کراوە، وەک بەشێک**

**لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی ئەدەب**

**ئامادەکراوە لەلایەن:**

**ئەحمەد زرار عەزیز**

**بە سەرپەرشتی:**

**د. جەبار ئەحمەد حوسێن**

**نیسان – ٢٠٢٢**

# ناوەڕۆک


ناوەڕۆک........................................................................................١
بەرکۆڵ........................................................................................٢
دەروازە........................................................................................٤
ژیان و بەرهەمی عەبدوڵڵا پەشێو.................................................................٦
بەشی یەکەم (جوانی بایس)..........................................................................٨
جۆرەکانی جوانی بایس..............................................................................٩
یەکەم........................................................................................٩
دووەم........................................................................................١٠
بەشی دووەم (نموونەی شیعری)....................................................................١٢
نموونە بۆ جۆری یەکەم لقی یەک..................................................................١٢
نموونە بۆ جۆری یەکەم لقی دوو..................................................................١٦
ئەنجام........................................................................................٢٠
سەرچاوەکان........................................................................................٢١

# بەرکۆڵ

زۆر دەمێک بوو، هونەری جوانی بایس سەرنجمی پەلکێش کردبوو، لە خوێندنەوەی هەر دیوانێ بووبامەوە گەلێ شتم بیردەچوونەوە، لێ جوانی بەیز لە کاژەڵەمەوە لە بەڵەفڕەی خۆی نەدەکەوت.

کارگەیشتە ئەوەی بمەوێ دەست بە وتارنووسین بکەم لە بارەیەوە و چ کتێبێ لەسەری نووسراوە لە خوێندەوە و نووسین درێغیم نەکرد. بەڵام هێشتا کوڵی دڵم دانەمرکایەوە تا ئەوەی ئەم باسی دەرچوونەم هاتە پێش؛ بە دەرفەتم زانی لە دەریای جوانی بایس بەلەمی شەق و سەوڵی شرم بخەمە کار، بۆ ئەمەیش: (سەوڵم پۆڵا و کەناریش دوور)ی عەبدوڵڵا پەشێوم هەڵبژارد.

دەبینین جیا لەم ژیانە ڕیالیزمەی پەشێو هەیبووە، هێشتا نەیتوانیوە گیانی خەیاڵی دەستەمۆ بکا، وەک دەڵێ:

١ (هێندەم لۆکەی خاوی خەیاڵ هەڵچنیوە
سەدساڵی دیش بنی نایە!)

جوانی بایسیش لە مەیدانی وا دەگەڕا، ئەگەرچی ئەشکرا دیارە زۆرجار ئەم هونەرە خۆی لە قوژبنی خەیاڵ و لێکچواندن دەشارێتەوە، بۆ دۆزینەوەی تابلێی بیرێکی فراوان و ئەندێشەیەکی ڕوون و بێ تەڵخی وەکوو کەرەستە پێویستە.

ئەوەی وەک گرفتێ هاتبێتە بەردەمم: کەمی سەرچاوەیە دەربارەی جوانی بایس، جیا لە (خۆشخوانی) م. عەلائەدینی سەجادی و (ڕەوانبێژی) م. عزیز گەردی، لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی کتێبی دیت بەرچاو ناکەوێ بەم چەشنە بێگرێ و وردییە لەبار جوانی بایس دوابێتن. منیش بەم کوڵەی ساڵەهایە لە هەوڵی دامرکانەوەی دام، بێت و تەنیا پشتم بە کتێبگەلی تر بەستبا کە لە بارەی ئەم هونەرە نووسراون ئەوا کۆڵەوار دەبووم و ئاواتی چەند ساڵەم وەک لێخوڕێ بەرەو مەزارێکی دی، لێ دەخوری.

---

١: س. پۆلا و/ ع. پەشێو/ لا٢٢١.

پێزانینم بۆ چەند هاوڕێیەک، کە لە دەستکەوتنی (ڕەوانبێژی) بڵێسەی کوانووی لێکۆڵینەوەی شیعر م. عەزیز گەردی یاوەرم بوون، کە ئەم لێکۆڵینەوەیەم بە دەستووری ڕەوانبێژی نووسیوە؛ دەنا دەبوا ئەم خەمەم وەک داخێ لە دڵ بێ و، تا دەمێکی نادیار پێوەی بتلێمەوە.

## دەروازە

ئەوەی بە کامی دڵ بیەوێ لە ڕێچکەی دەقی ئەدەبی بە ماناگشتییەکەی تێبگات و کورد دەڵێ: ئاوێکی زوڵاڵ بێ بە بینەقاقای چۆڕبێتەوە، دەبێ لە ئەستوندەگی ماڵۆچکە پڕ گەوهەری ڕۆشنبیرییەکەیدا تاقچکەیەک بۆ پراکتیزەی ڕەوانبێژی خاڵی بکا.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمووێ: (ئەی خەڵکینە! هەر لە نێرومێوێکەوە ئێوەمان وەدی هێناوە و کردومانن بە چەند گەلێک و چەند هۆزێک هەتا یەکتری بناسن. بەڕێزترینتان لای خوا، پارێزگارترەکانتانن، خوا زانایە و ئاگادارە!)١

ئاشناین و دەبینین گوڵی یەکترناسینی نێوان دۆستانێ لە زمان و ئەحواڵ پرسینێ چرۆ دەکا؛ وەک د. عزەدین مستەفا ڕەسوول دەڵێ: (قورئان بەلای منەوە کتێبێکی گەورەیە وەک زمان وەک ئەدەب)٢ هەر نەتەوەیەک ئەدەبی هەبێ، دەبێ ڕەوانبێژیشی هەبێ. ئاشنایەتی ئەدەب و ڕەوانبێژی وەکوو ئاشنایەتی مرۆڤ و گیانلەبەرە؛ مەرجە هەموو مرۆڤێک بەر گیانلەبەر بکەوێ، بەڵام مەرج نییە هەموو گیانلەبەرێک مرۆڤ بێ٣

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ ڕەوانبێژی و ئەدەب دوو ڕووی یەک دراون و گۆپکەی هەر درەختێ ڕەوانبێژییە و درەختەکەیش ئەدەب خۆیەتی. بۆیە لە ئاو تینووتر دڵی خوێنەرێکی دەقی ئەدەبییە تا تێۆری پەیجورێک پەی بە نهێنی بەهای دەقە ئەدەبییەکان دەبا!

زۆرێک لە بەشەکان ی ڕەوانبێژی تێژتێپەڕن لە جوانی، وەک (نالی) دەڵێ:

(بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە ئەمما
غەواسی دەوێ، یەعنی بە تەعمیقی بزانە) ٤

---

١: حوجرات ئایاتی ١٣/ ق. پیرۆز وەرگێڕانی هەژار موکریانی.

٢: باخی کتێب/ لەگەڵ د. عزەدین مستەفا ڕەسوول/ دیمانە.

٣: خۆشخوانی/ ع. سەجادی/ لا ٦.

٤: دیوانی نالی/ ع. مودەڕیس/ لا ٤٨٠.

گەر بە چاوێکی زیت لەم دێڕەی (نالی) بڕوانین دەبینین هاوارێکی بی غایەیەتی، تا پەی بە دورٍ و گەوهەری دەریای وێژەکەی ببەین!

جوانی تا هەستی پێنەکرێ، چێژ نابەخشێ. دکارم بڵێم من بەهاوارە بێ غایەکەی عەبدوڵڵا پەشێوەوە چووم تا گەوهەری جوانی بایس لە دەریای شیعرەکانی بەدی بکەم.

## ژیان و بەرهەمی عەبدوڵڵا پەشێو

[1]عەبوڵڵا پەشێو ساڵی ١٩٤٦ لە بێرکۆتی نزیک هەولێر لە داک بووە، بابی مەلای بێرکۆت بووە و بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرووە پەشێو لە قوتابیخانەی خالیدییە بە زمانی عەرەبی خوێندوویەتی.

شیعرنووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦١ یەکەم شیعریشی لە هەفتەنامەی هەولێر بڵاودەکاتەوە، ساڵی ١٩٦٣ دەچێتە پاڵ یەکێتی قوتابییانی کوردستان و لە ناوەڕاستی شەستەکان دەبێتە بەرپرسی یەکێتییەکە و ئەندامی کارای پارتی دیموکراتی کوردستان.

یەکەم دیوانۆچکەی ساڵی ١٩٦٧ بە ناوی (فرمێسک و زام) بڵاودەکاتەوە، هەر لەو ساڵەیشدا ئاشنایەتی لەگەڵ گەورە شاعیری کورد شێرکۆ بێکەس پەیا دەکا و بە یەکجاری خۆی لە بەرۆکی حزبایەتی دەکاتەوە خۆی گوتەنی: (یاغنیش بووم، زانیم غەڵەت بووم).

لە ساڵی ١٩٦٨ دیوانۆچکەی (بتی شکاو) بڵاودەکاتەوە، ساڵی ١٩٧٢ (شەونامەی شاعیرێکی تینوو) بڵاودەکاتەوە، ساڵی ١٩٧١ دەبێتە ماموستا لە گوندی کەندال ساڵێک ماموستایەتی دەکا و بە هەولی سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد (سەیدا سالح یوسفی) زەمانەی خوێندن لە سۆڤیەتی جاران وەردەگرێ و ساڵی ١٩٧٩ ماجستێر لە وەرگێڕانی ڕووسی و ئینگلیزی لە زانکۆی (maurice thorez)وەردەگرێ.

[2]ساڵی ١٩٨٠ دیوانۆچکەی (شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم) بڵاودەکاتەوە، ساڵی ١٩٨٤ دکتۆرا لە ئەدەبیاتی کوردی وەردەگرێ (تێزەکەی لەسەر پیرەمێردی نەمرە).

ساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٩٠ لە زانکۆی (ئەلفاتیح) لە لیبیا ماموستا بووە، ساڵی ١٩٩٤ دیوانی (براکوژی) بڵاودەکاتەوە، ساڵی ١٩٩٧ (دوازدە وانە بۆ منالان و چەند شیعرێکی قەدەغە) بڵاودەکاتەوە، ساڵێ ٢٠٠٠ دیوانی (برووسکە چاندن) بڵاودەکاتەوە، ساڵی ٢٠٠١ (بەرەو زەردەپەڕ) بڵاودەکاتەوە، (پرێسکەی عاشقێکی زگماک) ساڵی ٢٠٠٦ بڵاودەکاتەوە، کۆبەرهەمی (سەولم پۆلا و کەناریش دوور) ساڵی ٢٠١٩ بڵاودەکاتەوە.

---

١: ویکیپیدیا/ ژیان و بەرهەمی ع. پەشێو.

٢: ئیستێک لەسەر ژیانی پەشێو/ زیاد نادر/لا ٣٢٦.

پەشێو جگە لە زمانی کوردی زمانەکانی: (عەرەبی، ڕووسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی) زۆر باش دەزانێ و ساڵی ١٩٨٣ بە یاوەری حەمەی مەلا کەریم س. م. پێترۆف (پووشکین، ژیان و بەرهەمی شاکاری) وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی و بڵاوی دەکەنەوە،

عەبدوڵڵا پەشێو ئێستا خاوەنی دوو منداڵە بە ناوەکانی (ئاڤێستا و یارا) لە ساڵێ ١٩٩٥ دانیشتووی هێڵسنکی وڵاتی (فینلاندە)یە و لە ژیان ماوە.

# بەشی یەکەم

## جوانی بایس

جوانی بایس لە خودی خۆیا ئەوەیە کە (سەبارەت-عیللەت)ێکی بە ڕێ و جێ بهێنرێ بۆ (خاسەویژی- وەسفی) شتێک کە ئەو خاسەوێژییە لە بناغەدا خاسەوێژی شتەکە نەبێت؛ واتە غەیر حەقیقی بێ، بەڵام ئەو داواکردنەوە و ئەو بۆ هێنانە بە شێوەیەکی جوان و شایان بێت.١

جوانی بایس ئەوەیە کە داوای سەبارەت و بایسێکی جوان و بەجێ بکرێ بۆ خاسەوێژی شتێک کە ئەو سەبارەتە لە ڕاستیدا سەبارەتی خاسەوێژی شتەکە نەبێ، ئەو داواکردنەش کە دەکرێ دەبێ بە شێوەیەکی جوان و لێوەشاوە بێت بۆ ئەوەی شەوق و جوانی و ڕێک و ڕەوانییەکی تر بدا بە هۆنراوەکە. ٢

بریتیە لەوەی ئەدیب بە ئاشکرا، یان بە پۆشراوی هۆی زانراوی شتێ پشت گوێ بخات و هۆیەکی ئەدەبی جوان بۆ شتەکە بێنێتەوە کە گونجاو بێ لەگەڵ ئەوەی مەبەستییەتی.٣

بەر لە هەرشتێ ئامانج لە تێڕامان و وردبوونەوەی خوێنەرێکی شیعری ئەوەیە چێژ بە سەراپای بەدەنیا بێت و بچێ. بۆ ئەم مەبەستە ڕەونبێژی بە هانای شاعیر دێ و دکارێ پەلی ئەم بیرە قاڵانە لە چێژی ئەدەبی نغرۆ بکا، بۆیەشە دەتوانین بڵێین بێ جوانی بایس ڕەوانبێژی کوانووی ساردوسڕە و گوێت لە قەڵبەزەی دێڕێک دەبێ گەر بێ ئەم هونەرە زارکی بیرۆکەی لەسەر واڵا بکرێ.

کەواتە لەم پێناسانە تێدەگەین جوانی بایس زنەیەکە لە بەهاری ئەدەبدا و هەموو خاکەلێوەیەک لێڕەوارێ دەحەسێنێتەوە وە دڵکەشترێکە لەم دەریایەی کەشتییان نغرۆ دەکا

---

١: خۆشخوانی/ ع. سەجادی/ لا٧٦.

٢: ڕەوانبێژی/ ع. گەردێ/ لا٨٦.

٣: کۆوانەکانی ڕەوانبێژی/ ئیدریس ع./لا١٠٣.

## جۆرەکانی جوانی بایس:

**یەکەم:** ئەوەیە خاسەوێژەکە هەیە، تنێ مەبەست ئەوەیە بۆ جوانی و نەزاکەتی هۆی ڕاستەقینەی خاسەوێژەکە پشت گوێ بخرێ و هۆیەکی تری بۆ دروست بکرێ.١

ئەمەیش دوو جۆرە:

١: ئەم جۆرە خاسەوێژەکەی هەیە و، لێ هۆی باسەکە دەرنەکەوتووە و ئەگەرچی لە ڕاستیدا لە هۆ خاڵی نییە، بەڵام شاعیر هۆیەکی تری دەخاتە پاڵ وەک (نالی) دەڵێ:

(هێند مونتەزیری تۆ بوو هەتا چاوی سپیی بوو
نەرگس لەسەر یەک قەدەم و دیدە چەقی بوو) ٢

نێرگس سیفاتێکی ئاشکرای هەیە کە چاوسپێتییە، لە ڕواڵەت هۆکاری ئەم سپێتییە دەرناکەوێ، بەڵام هۆنەر هۆکاری ئەم چاوسپێتییەی بەوە لێکداوەتەوە کە زۆر چاوەڕێی یار بووە؛ لەبەر ئەم چاوەڕێبوونە چاوی سپی بووە. ئەگەرچی چاوسپێتیی نێرگس هۆکاری خۆی هەیە کە چەند شتێکە لە خودی گوڵەکە هەیە بەڵام دەبینین هۆنەر ئەم هۆکارەی بەرچاو نەخستووە و خۆی هۆکاری داڕشتووە.

٢: لەوەیان خاسەوێژیەکە هەیە و هۆکارەکەشی دەرکەوتووە و ئاشنایە و هەموو کەس دەیزانێ، بەڵام ئەدیب هۆیەکی دیکەی بۆ دەدۆزێتەوە، وەک (گۆران) دەڵێ:٣

(لە لێوار حەوزا گوڵاڵە و بەیبوون
ساوان ئەلەرزن لە تاو نقووم بوون)٤

---

١: ڕەوانبێژی/ ع. گەردی/ لا٨٧.

٢: دیوانی نالی/ ع. مودەریس/ لا٣٠٩.

٣: ڕەوانبێژی/ ع. گەردی/ لا٨٨.



٤: دیوان گۆران/ لا١٤٤.

لێرەدا ڕووداوێ هەیە کە لەرزینی گوڵاڵە و بەیبوونە، ئاشکرا هۆی لەرزینیان دیارە و گومانی تێدا نییە. کە بەدەم کزەباوە گوڵاڵەی بچووک دەلەرێتەوە، کەچی شاعیر ئەم سەبارەتە دەخاتە لاوەو خۆی سەبارەتێ دادەرێژێ کە دەڵێ هۆی لەرزینی ئەم گوڵاڵە و بەیبوونانە ترسانە لە نقوومبوونیان.

**دووەم:** لەم جۆرەیان خاسەوێژە نییە، دەویستریّ بوونی بۆ دروست بکریّ، ڕەنگە ئەم بوونە هەندێ جار بگونجێ یان ناگونجێ و لەگەڵ واقیع یەک ناگرێتەوە.١

ئەمەیش دوو جۆرە:

١: لەم جۆرەیا بوونیک بۆ خاسەوێژەکە دروست دەکرێ کە لێوەشاوەیە و لەگەڵ واقیع دەگونجێ. وەک مەجدی دەڵێ:

(مینەتی ئیحسانی (واشی)م وا لەسەر ئەی ئەهلی شەرق
ترسی ئەو بوو ڕستگار بوو چاوەکانی من لە غەرق)

واشی: کەسێکە قسەی نێوان دۆستان دێنێ و دەبا، کە پێی دەوترێ قسەچن، قسەچنیش ئومێدی چاکەی قەت لێ ناکرێ. خاسەوێژی چاکە خواستن لە قسەچن لە خودی قسەچندا نییە ئەگەر هەشبێ گومانی لەسەرە، جا هۆنەر دەیەوێ ئەم خاسەوێژە کە نییە یا هەیە و گومان لە هەبوونی دەکرێ بە تەواوی بچەسپێنێ و بباتە دڵی خەڵکەوە. بۆیە شاعیر ئەوە دەسەلمێنێ کە قسەچن ئومێدی چاکەی لێ دەکرێ وەک دەڵێ: ئەی خەڵکی ڕۆژهەڵات! چاک بزانن کە من منەتی قسەچنم بەسەرەوەیە چونکە لە ترسی ئەوەی نەوەک قسەچن من لە جۆشی گریاندا بەدی بکات و، بچێ ئەم گریانەم بە جۆرێ تر بگێڕێتەوە لەم ترسەوە من گریانەکەم قووت داوە و نەگریام، بەمەش چاوەکانم بۆ مایەوە، چونکە گەر گریابام هێندە دەگریام تا کوێر دەبووم.

---

١: ڕەوانبێژی/ ع. گەردی/ لا ٨٩.

٢: ئەوەیە بوونێک بۆ خاسەوێژی دروست بکرێ، کە ناشێ و ناگونجێ بەڵام هۆنەر بە خاسەوێژی دادەنێ.١ وەک (بێخود) دەڵێ:

(ئەگەر جەوزا نیازی بەندەگی شۆخی لەسەر نەبوای
نەدەبینرا کەمەر بەستە لەسەر ئەو ئەوجی ئەفلاکە)

جەوزا: چەند ئەستێرەیەکن لە شێوەی جووتێ منالّی ڕووت، بە دەوری جەوزا کۆمەڵە ئەستێرەیەک کۆبوونەتەوە و بوونەتە پشتێنێک بۆی کە پێیان دەڵێن (النطاق الجوزاء) جا شاعیر دەڵێ: ئەگەر جەوزا نەیویستبا ببێتە بەندە و خزمەتکاری یار؛ پشتێنی بەندایەتی نەدەبەستە پشت.

خزمەتکردنی یار لەلایەن جەوزاوە شتێکە نە هەیە و نە دەشگونجێ، (بێخود) ویستوویەتی هەم بوونی بۆ درووست بکا و هەمیش گونجانی بسەلمێنێ، کە بە هیچ جۆرێک ناگونجێ جەوزا بۆ خزمەتی یار چووبێ و بووبێتە ئەلقەلەگوێی.

---

١: هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا٩٠.

## بەشی دووەم

بەپێی توانا لەم بەشی دووەمە هەوڵی دیاریکردنی جۆرەکانی جوانی بایس دەدەین لە دیوانی (سەوڵم پۆڵا و کەناریش دوور)ی عەبدوڵڵا پەشێو.

### نموونە بۆ جۆری یەکەم (لقی یەک)

ئەوەی دەقەکانی پەشێو لە دەقی شاعیرانی دی جیا دەکاتەوە، کوردییەکی تاسەرئێسقان پەتییە. وەک چۆن ساتی گڕوگاڵی منداڵێ هەستێ لە ناخی هەریەکەمان تەشەرە دەکا:
ئەم هەنگاو و قولە و ڕەفیسکەی چەندە بە زەوی و خاکی ژێری ئاشنایە؛ هەرواش پەشێو بە زمانی ڕیوەڵە و لالەزاران و بێنەوایان ئاشنایە و بگرە لەوانی جوانتر دکارێ دەربڕێ!

من پەی دەبەم بەم زمانە دوور لە خوازەییە(بازاڕییە)ی کە بۆ شیعر و هەر دەقێکی ئەدەبی بەکاردێنێ گەر ئەو نەبا هەرچی شاعیرێ لەبەری چۆکی شەرمەزاری دادەنا و شیعر و دەقەکانی لە دڵ و دەروونی خوێنەر چەسپ نەدەبوو، جیا لەمەیش شاعیر بەم زمانەشەوە هەوڵی کێشانی نیگاری جوانی بایسی لە شیعرەکانی جێ کردۆتەوە.
وەک لە (زەردەپەڕ) دەڵێ:

(زەردەپەری ئێوارەیە.[1]
بای شاپەڕی نەورەسێکی ئەفسانەیی
گۆلی ئاسۆی لەراندووە.
تافتەیەکی ڕەنگ هەناری
لووتکەکانی نەخشاندووە.

هزرۆکەیەک دێ بە دڵدا:
ئەتۆ بڵێی،
لە هەڕەتی داخزانا،
خۆر خلیسکی نەبردبێ؟
ئەتۆ بڵێی

---

١: س. پۆڵاو/ ع. پەشێو/ لا٤٢.

تیشە شاخە نووکتیژەکان
بریندارییان نەکردبێ؟!)

ئاشکرایە شاعیر وێنەیەکی دەمی خۆرئاوابوونمان بۆ دەکێشێ. کە سەرەتا سەرنجی خوێنەر بەلای کاتەکە ڕادەکێشێ و پاشان کێشانی نیگارەکە دەست پێدەکا و پرسیارەکانی شاعیریش دێنە بوون، کە هۆی دروستی زەردی یا مەیلەو سووری خۆر بۆ ئاوابوونی دەگەڕێتەوە. لێ هۆکاری زەردی چییە، نازانرێ! چونکە کۆمەڵە هۆیەک لە خودی کات و خۆر و ئاسۆ دایە. بەڵام شاعیر ئەم هۆیە دەخاتە لاوە و خۆی دێ سەبارەت بۆ خاسەوێژییەکە دروست دەکا و دەپرسێ: گاهەس خۆر لە کاتی ڕۆیشتنی خلیسکی بردبێ و وێزەی بەر ئەم شاخە نووکتیژانە کەوتبێ و بریندار بووبێ!؟ کە ئەمەیش جۆرێکە لە هونەری جوانی بایس جۆری یەکەم لقی یەک.

یەکێ لە نیشانەکانی جیا کردنەوەی شیعری هاوچەرخ و تازەگەر لە شیعری کلاسیکی کوردی: دانانی ناونیشانە بۆ هەر شیعرێ، کە ئەمەیش زۆرجار یاوەری خوێنەرانە تا واتای دروستی دەقەشیعرێکی هاوچەرخ لە کاژەڵەیان نغرۆ بکەن. لە شیعری (هەیڤ) ئەوەندەی ناونیشانی شیعرەکە پەلی تێگەیشتنی خوێنەر دەگرێ؛ ڕەنگە فەرهەنگۆکیش نکارێ ئەم ئەرکە ڕایی بکا. وەک دەڵێ:

١(لەکەیەوە
ئەو قورینگە سپیکەلە گرمۆڵەیە
لە پۆلەکەی دابڕاوە؟
بۆچی هێندە بەرز فڕی؟
بەو میچەوە
چۆن و بەچی وا چەسپاوە؟

---

١: هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا١٥٣.

ڕاوکەر زەوییەدەریان کرد،
یا ئەڤینی ئەستێرەیەک
بۆ ئاسمانی هەڵکێشاوە!؟)

پەشێو پرسیار دەکا چۆنە قورینگ بە تاقانەیی لە بنمیچی ئاسمان گرمۆڵە بووە؟ وە چۆن دکارێ بەبێ هیچ ئەستوندەگێ خۆی ڕاگیری ئەو بەرزاییەوە بکا؟ تۆ بڵێی ڕاوکەر بە دواوەی بوون، یا کاتێ لەسەر زەوی بووە؛ ئاشقی ئەستێرەیەک بووە و لە باڵەفرەی داوە تا بچێتە لای.

هەیڤ نازانرێ چۆن و بۆچی سپی دەچێتەوە! لە هەوا بەندە بە بنمیچی ئاسمانەوە! ئەمانە کۆمەڵە هۆیەکن تایبەتمەندن بە هەیڤ خۆی، کەچی شاعیر بۆ جوانی و نەزاکەتی شیعرەکەی خۆی بۆ وەڵامدانەوەی ئەم هۆیانە، نیگارێکی گەلێ بە ڕێوجێی کێشاوە، تا ببێتە نموونەی هونەری جوانی بایسی جۆری یەکەم لقی یەک.

ئەگەر تەمەن ببوێرێ، مووی سەروڕیش سپی دەبێ، بە ئاشکرایی هۆی ئەم سپێتییە دەرناکەوێ و کەس پەی بە زانینی نەبردووە. ئەگەرچی مرۆ دەتوانێ لە پێشکەوتنی زانستی کەڵک وەرگرێ لێ تا هەنووکە زانستیش دەستەوەستانە لەبەردەم هۆی ئاوا نادیار، کەچی شاعیر هۆیەکی بۆ سپێتی سەروڕیشی هێناوە کە ڕەنگبێ شیعر و ئەدەبیات نەبێ کەس نەوێرێ خۆی لە قەرەی بابەتی لەم چەشنە بدا. هۆنەر سپێتی داوەمووی سەروڕیشی بۆ ڕەنگدانەوەی سپێتی بەفر گەڕاندووەتەوە، یا هێندە بێ غایە لە مەزرای لۆکەپەراندن شەونوخونی کردووە تا سەراپای وێزە و سەروڕیشی بە سپێتی لۆکە سپی بووین.

جا شاعیر ئەم هۆیانەی نادیارن ناهێنێتە بەرچاو بەڵکو وەستانی بەر بەفر و پەڕەکردنی لۆکەی لە چنینی دەقەکەیدا زیت کردووەتەوە.  وەک لە شیعری (لەبەر ئاوێنە)دا هاتووە:

(خۆ من هێشتا هەر لاویژەم،
کێ مووی سەر و ڕیشی دوێنێی
بەم دەردە سپییە بردووە؟
لەبەر بەفر زۆر وەستاوم،
یا لۆکەم پەڕە کردووە؟!)١

لەم شیعرەیش هەمان چەشنی جوانی بایس دەبینرێ، لێ جیاوازییەکەی ئەوەیە: واتا لەم شیعرەیان خۆی لەناو زمانی شیعری و وێنەی شیعری حەشار داوە، تا خەیاڵ شی نەکرێتەوە ئەستەمە هونەرەکە دیاری بکرێ.

هەر مرۆیەک لە دوورەوە لە دەریا بڕوانێ جۆرە هەڵبەزودابەزێ دەبینێ کە وەک قەدی جلوبەرگ خۆ دەنوێنێ، کە لە ڕاستیدا جگە لە پێل و شەپۆلان چی تر نین، شەپۆلی دەریایش گومان لە بوونی نییە، وە ئەم وێنەیەی لە ڕوانینی دێتە بیری ئادەمیزاد کۆمەڵە هۆیەکە لە خودی شەپۆل و تەماشای تەماشاچییەوە هەیە، بەڵام شاعیر ئەم هۆیانە ناخاتە بەرچاو، دێ خۆی هۆیەکی تری دەخاتە پاڵ کە وەڵامی پرسیاری تەماشاچیش دەداتەوە و دەڵێ:

٢(تێ ناگەم بۆ،
کە تەماشای دەریا دەکەم،
هەموو جارێ،
وا دەزانم
ئاسمان خۆی ڕووت کردۆتەوە و
کراسی کەوتۆتە خوارێ!)

هۆنەر ئاسمانی بە ژن چواندووە، ئاشکرایە بە چاوی تەماشاچی لە دوای دەریا، ئاسمانی جاویدانی دەست پێدەکا، ئەمەیش ڕێخۆشکەرە تا خەیاڵی لەم شێوەیە بکرێت.

---

١: سەرچاوەی پێشوو/ ل٢٦٢.

٢: سەرچاوەی پێشوو/ ل٢٣١.

**نموونە بۆ جۆری یەکەم (لقی دوو)**

خەزان ڕووپەڕێکی گەلێ زۆروزەوەندی لە ئەدەبی کوردی داگیرکردووە، وەک بڵێی بۆ شاعیران لە بۆسەدایە و خۆی مەڵاس داوە، کوفرە دیوانێ، بگرە دیوانۆچکەیەکیش لە ئەدەبی شاعیرانی هاوچەرخ ختم کەی چەند جارێ (خەزان، پاییز، گەڵاڕێزان...تاد)یت بەرچاو نەکەوێ. تەنانەت جاری وایە شاعیر خۆی پێ لە تەونی پاییز و گەڵاڕێزان ناپڕسکێنرێ و کار دەگاتە ئەوەی بڵێ:

١(بەهاریش بێ،
ئاگام لێیە
بۆ چۆڕێکی دیکەی خازان
سەروالایە کاسەی تەمەن!)

یان بڵێ:

٢(خۆشەویستم!
کە شەو دادێ، شەوی پایز،
کاتێ خشپەی گەڵای وەریو
پەلی هەستم دەگرێ و دەیبا
بۆ کۆتایی و دنیایی ئەودیو-
من بەخیلی بە کۆتایی گەڵا دەبەم،
چونکە، کە مرد،
هاوڕێی هەیە دەمی زەردی بنێتەدەم.)

---

١: س. پۆڵاو/ ع. پەشێو/ لا٢٦١.

٢: پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە/ع. پەشێو/ لا ١٩٠.

پەشێو لە شیعری (خەزەڵوەر) دەڵێ:

١(درەخت و با تێک ئاڵاون.
هەندێ گەڵا، وەک بۆ چینە،
بێ دوودڵی هەڵدەنیشن، تەنگەتاون...
هەندێکیشیان جارێک، دووجار،
بە هەواوە جینگڵ دەخۆن،
چەرخە دەدەن... شل و خاوەن...

ئاخ، نازانم
با بە گەڵا چ دەژمێرێ:
ڕۆژانی چووم،
یا ئەوانەی هێشتا ماون!)

لە جۆری یەکەمی جوانی بایس لقی دوو، هونەری جوانی بایس پاڵ بۆ بایی بوون دەکێشێ و هەوڵی زێتر فراوانبوون دەدا، چونکە دەبینین هۆکاری ڕوودانی ڕووداو ئاشکرایە کەچی هۆنەر هۆی سەرەکی پەراوێز دەخا و خۆی هۆیەکی جوانتر دەخاتە پێش، وەک لێرەدا ئاشکرایە هۆی تێکئاڵاوی درەخت و با و تەنگەتاوی گەڵاکان ڕووداوێکی سروشتییە بە هۆی هەڵکردنی بایەکی بەهێز گەڵا دەوەرێ و بە زەویدا بەردەبێتەوە، کەچی شاعیر ئەم هۆیەی لابردووە و دەڵێ با بەم گەڵایانە خەریکی ژماردنی ئەم تەمەنەمە کە ماومە، ئەمەش دوندی جوانییە کە بە کەرەستەی پاییز، نیگارێکی هێندە شایان بە زانستی ڕەوانبێژی بکێشی.

---

١: س. پۆڵاو/ ع. پەشێو/ لا١٧١.

مرۆ ناتوانێ گومان له خاسەوێژی مردن بکا، چونکه خوای دلۆڤان دەفەرمووێ: (هەموو کەسێک تامی مردنێ دەچێژێ)١

بۆیه بەپێی پێناسەکەی سەرەوه باسمان کرد شاعیر دەبێ خاسەوێژییەک هەڵبژێرێ گومان له هەبوونی نەکرێ، جا پەشێو دەڵێ:

(گەر کۆچم کرد،
نەکەن بڵێن:
(ئەو منداڵه سەرسپییەمان
کۆچی دوا کۆچه، مردووه).
بڵێن چۆته گێوژچنین له بەندەنان،
ڕێی هاتنەوەی ون کردووه!)٢

شاعیر باس له ڕووداوێ دەکا، که مەرگه، گومانی تێدا نییه، کەچی بۆ جوانترکردنی دەقەکەی، دێ هۆیەکی تر دەخاته بەرچاو، که گوایه چووەته گێوژچنین و ڕێی گەڕانەوەی ون کردووه! ئەمه نەزاکەتی به شیعرەکه بەخشیووه و بەس، وەرنا هۆی نەهاتنەوەی یا کۆچی یەکجارەکی هەریەکەمان کێشانی ڕۆحمانه و گواستنەوەیەتی بۆ مەلبەندێکی دی.

شاعیر هۆی ڕاستی نەهاتنەوەی ناباتەوه سەر ئەم ڕاستیەی باسی لێوه کرا، بەڵکو خۆی هۆیەکی بۆ خاسەوێژییەکه داڕشتووه.

---

١: ئالی عیمڕان ئایاتی ١٨٥/ ق. پیرۆز وەرگێڕانی هەژار موکریانی.
٢: س. پۆڵاو/ ع. پەشێو/ ل١٣٩.

ڕەگوڕیشەی درەخت لە رۆحی مرۆ دەچێ، چۆن ڕیشەی دارێ لە ڕەگەوە هەڵکێشی پاش ماوەیەک گەڵاکانی بێڕەنگ و پوچ دەبن؛ ئەوەش ڕۆحی مرۆیەک جەستە جێ بێڵێ لاشەی بێزمانی بەبێ ماخۆ دەمێنێتەوە.

کەواتە هۆی ئەوەی درەخت بە خاکەوە بەندە و لێی نابێتەوە ئەوەیە: ژیانی پێیەوە پەیوەست بێت و ڕیشەکێشی کەن؛ سیس و کەنەفت دەبێ. بەڵام شاعیر بۆ جوانترکردنی هەڵبەستەکەی دێ ئەم ڕاستیە دەخاتە لاوە و خۆی شتێ دادەڕێژێ. وەک دەڵێ:

(لە خۆم عاشقتر هەر دار شک دەبەم،
هەر دار، دار و بەس.
ئەو ئامێزی خاک بەرنادا و نادا،
گەر داشیپاچن...
ئاگریشی دەن... هەتا دوانەفەس...

نە دەفرێ و دەڕوا،
نە دڵ دەگۆڕێ،
نە گازاندەیەک دەکا لای هیچ کەس.
لە خۆم عاشقتر هەر دار شک دەبەم،
هەر دار، دار و بەس!)١

دەبینین شاعیر هۆی مانەوەی درەخت لە زەوی دەباتەوە بۆ عاشقبوونی درەخت بەو خاکەی لەسەری ڕواوە، کە ئەمەیش ئاشکرایە ڕاستی باسەکە خراوەتە پەراوێزەوە.

گومان لەوەدا نییە هۆیەکی ئێجگار ناوازەی کردووەتە سەبارەتی خاسەوێژییەکە.

---

١: س. پۆلاو/ ع. پەشێو/ لا١٨٤.

## ئەنجام

١ــ جوانی بایس یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و چوار جۆری هەیە.

٢ــ لە دیوانی (سەوڵم پۆلا و کەناریش دوور)ی عەبدوڵڵا پەشێو (٧) شیعر هونەری جوانی بایسی لەخۆ گرتووە.

٣ــ ئەم شیعرانەی لەم دیوانە ئەم هونەرەیان تێدا بەکارهاتووە لە لقەکانی یەکەم و دووەمی جۆری یەکەمن، واتا نموونەی هەردوو جۆرەکەی جۆری دووەمی هونەری جوانی بایس تێیدا بەرچاو ناکەوێ.

٤ــ شیعرەکانی (زەردەپەڕ، هەیڤ، لەبەر ئاوێنە، دەریا) نموونەن بۆ جۆری یەکەم لقی یەک. (بۆ زێتر بەرچاوڕوونی هەوڵی لێکدانەوەی واتایان دراوە کە یارمەتیدەریش بوون بۆ دیاری کردنی هونەری جوانی بایس.)

٥ــ شیعرەکانی (خەزەڵوەر، گێوژچنین، دار) نموونەن بۆ جۆری یەکەم لقی دووەم (جیا لە دیاری کردنی هونەرەکە بۆ زێتر بەرچاوڕوونی هەوڵی لێکدانەوەی واتایان دراوە.)

# سەرچاوەکان


١ـ قورئانی پیرۆز، وەرگێرانی هەژار، چاپخانەی قورئانی کەریم، ؟، ؟، ؟

٢ـ عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی، چاپخانەی دار الجاحظ، چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٧٢.

٣ـ سەجادی، خۆشخوانی، چاپخانەی سەلاحەدین، چاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٨٦.

٤ـ موحسین ئەحمەد، بەهاری ڕەوانبێژی، ؟، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٣.

٥ـ عەبدوڵڵا پەشێو، سەوڵم پۆڵا و کەناریش دوور، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠١٩.

٦. عەبدوڵڵا پەشێو، پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی چوارەم، هەولێر ٢٠١٤

٧ـ شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٥ .

٨ـ د. ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، دەزگای موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٢.

٩ـ کەناڵی کوردسات، باخی کتێب، دیمانە، د. عزەدین مستەفا ڕەسوول، ٢٠٠٥.

١٠ـ نالی دیوان، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی عەبدولکەریمی مودەریس، چاپخانەی سەلاحەدینی ئەیوبی، چاپی دووەم، بەغدا ١٩٧٦.

١١ـ گۆران دیوان، کۆکردنەوەی حەمەی مەلا کەریم، چاپخانەی تاران، چاپی سێیەم، تاران ١٣٨٢ هەتاوی

١٢ـڕەسوول حەمزەتۆڤ، داغستانی من وەرگێرانی عەزیز گەردی، چاپخانەی عەلاء، چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٧٩.

١٣ـ عەلی ئەشرەف دەرویێشیان ئەفسانە و ڕازی کوردی، وەرگێرانی عەزیز گەردی، دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣.

١٤ـ ویکیپیێدیا/ ژیان و بەرهەمی عەبدوڵڵا پەشێو.

١٥ـ ئیستێک لەسەر ژیانی عەبدوڵڵا پەشێو، زیاد نادر عاڵلایی، خانەی ئەربیل، ؟، هەولێر ٢٠١٣ .